Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10320

# کاریگەریی ڕووداو لەسەربنیات وناسنامەی کارەکتەر لە ڕۆمانی (لالەکانی لالش)دا

**نەجم خالد نجم الدين**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

ڕووداو یەکێکە لە توخمە گرنگەکانی ڕۆمان و پەیوەندی بە تەواوی توخمەکانی گێڕانەوەوە هەیە وک کارەکتەر و شوێن و کات. ڕاستە کارەکتەر ڕووداو دروست دەکات، بەڵام لە هەمان کات دا ڕووداو کاریگەری لەسەر کارەکتەر هەیە، ئەوکاریگەرییەش دوو ڕووی هەیە: ئەرێنی و نەرێنی. هەندێ جار ڕووداو وادەکات کارەکتەر خۆی بگۆڕێ و بەرەو باشتر هەنگاو بنێ، هەندێ جاریش بەپێچەوانەوە ڕووداو دەبێتە هۆی شێواندنی باری دەروونیی کارەکتەر و گرفتاری بێ ئومێدی و بێ بڕوایی و گومانی دەکات. لەم ڕوانگەیەوە خوێندنەوە بۆ کاریگەری ڕووداوەکانی ڕۆمانی (لالەکانی لالش) دەکەین. کە دووەمین ڕۆمانی

(کامەران خۆشناو)ە کە پێشتر کورتە ڕۆمانی (گەمبۆڵ)ی بڵاوکردووەتەوە. ڕۆمانی (لالەکانی لالش) لە ساڵی (٢٠١٩) چاپی یەکەمی لە شاری هەولێر لە چاپخانەی (ڕۆژهەڵات) لەدووتوێی (٥٨٩) لاپەڕەی قەبارە گەورەدا دەرچووە.

ئەم ڕۆمانە تایبەت کراوە بە مێژووی خوێناوی ئەو هێرشانەی لە کۆنەوە کراوەتە سەر ئێزیدییەکانی ناوچەی شەنگال بەگشتی و ئەو هێرشەی تیرۆریستانی داعیش (لە ٣ مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٤) کردیانە سەر هەمان ئەو ناوچەیە و هەوڵیان دا بە کۆمەڵکوژی و بە ناچارکردنی گۆڕینی ناسنامەی ئاینی، تەواوی ئەوان وەک خود و ناسنامە بسڕنەوە. ئەم ڕووداوە بناغەی سەرەکی ڕۆمانەکەی پێکهێناوە. کەمتر ڕۆماننووس گەڕاوەتەوە سەر ڕووداوە کۆنەکان.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted: August, 2022

***Keywords***

ڕووداو، بنیاتی کارەکتەر، ناسنامە، ڕۆمانی لالەکانی لالش، کامەران خۆشناو.

***Corresponding Author***

**najm.alwani5@gmail.com**

## پێشەکی:

ڕۆمان دەقێکی ئەدەبی بەرفراوانە ۆ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە هەیە. نووسەری ڕۆمان هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی هونەری گوزارشت لە واقیعی ژیان بکات، لەبەر ئەوە ڕۆمان نییە پەیوەندی بە ڕوانگەی نووسەرەکەیەوە نەبێ.

ڕۆمانی (لالەکانی لالش) یەکێکە لەو ڕۆمانانەی دەچێتە خانەی ڕۆمانی دوای نوێگەرییەوە. ئەم جۆرە ڕۆمانە لە ژێر کاریگەری گۆڕانە گەورەکانی ژیان دا لە دایک بووە، بە تایبەتی ئەو ڕووداوانەی دەبنە هۆی شڵەژانی ئارامیی کۆمەڵایەتی و تێکدانی شیرازەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و جێلەق بوونی بەها جێگیرەکان و بێ بەهاکردنی ڕەوشت و پەکخستنی عەقڵ و لۆجێک لە کاتی ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەوی بەرانبەردا. لەم جۆرە دۆخانەدا خود تووشی تێکشکانی دەروونی دەبێ و دەکەوێتە بەر هەڕەشەی لەباربردنی ناسنامە و داب و نەریت و بڕواکانی.

هێرشی داعیش و داگیرکردنی ناوچەی شەنگال، گەلێ مەترسی لەسەر ژیانی ئێزیدییەکان زۆرتر بوو لەو هێرشانەی بەدرێژایی مێژووی کۆن، لە سەردەمی پاشای گەورە(کۆرە) و هێرشەکانی سووپای عوسمانلی و هەوڵەکانی ڕژێمی بەعس بۆ گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی ئەوان، پڕ مەترسی تربوو. لەم هێرشەدا نەک تەنیا ناسنامەی نەتەوەیی، بەڵکو بگرە بوونی ئەوان وەک کوردو خاوەن ئاینێکی تایبەتی، بە تەواوەتی کەوتە بەر هەڕەشەی لەناوچوون. شار و گوندیان داگیرکراو، ماڵ و سامانیان چەپاوکرا و پیاوانیان لێ بەکۆمەڵ کوشتن و ژنان و کچانیان بەدیل بردن و لە بازاڕەکانی موسڵ و هەندێ شاری سووریا، بەتایبەتی شاری(ڕەقە) کە پایتەختی خیلافەیان بوو لە وڵاتی شام، هەرزان فرۆشکران، یان وەک کەنیزەک

دەستدرێژی کرایە سەر ناموسی بەشێکیان. داعیش هەوڵی دا خاک و عەقڵ و جەستەیان داگیربکات. ئەم ڕووداوانە، هەرگیز ناکرێ لە چوارچێوەی بنیاتی گێڕانەوەیەکی تەقلیدیدا باس بکرێن. واتە ڕۆمانێک پشت بە پلۆتێکی یەکگرتوو، بنیاتێکی پێکەوە بەستراو، کۆمەڵە توخمێکی گێڕانەوە کە هۆو هۆکار بەیەکیان بگەیەنێ. ڕووداو وەک سەرجەم توخمەکانی دیکەی گێڕانەوە تووشی پەرت بوون و لێکترازن بووە لەم ڕۆمانەدا، ئەمەش ئەو دۆخی تێکشکان و پەرت بوونە بەرجەستە دەکات کە لەسەر زەمینی واقیع بەسەرئێزیدییەکانی شەنگال دا هات. بەهۆی ئەو کارەساتەوە کە مرۆڤەکان لێکترازان و شوێنەکان لێکدابڕان و زەمەنەکان بە کۆمەڵێ پچڕان دا تێپەڕین، دەبینین ڕۆماننووس بنیاتێکی لێکترازاوی بە ڕۆمانەکەی داوە. کارەکتەرەکان پەرتەوازە دەبن و بەسەر چەندین شوێنی جیاوزدا دابەش دەبن. زەمەن لەسەر هێڵی ئاسۆیی خۆی نەماوە و بەدوای یەکدا بەرەو پێش تەکان نادات، بەڵکو کۆمەڵێ ئاراستەی جیاواز لە خۆی دەگرێ و بەنارێکی دابەش دەبێ بەسەر ئێستا و ڕابردوو، و ئایندەدا، بەبێ ئەوەی ئەو سێ زەمەنە بەشێوەیەکی لۆجیکی و زنجیرەیی ڕێچکە ببەستن. کارەکتەرەکان تووشی شڵەژانی دەروونی دەبن و لە ژێر کاریگەری گەورەیی ڕووداوەکان دا دۆش دادەمێنن و هەندێ ڕوو لە چیا دەکەن بۆ خۆدەربازکردن و هەندێ لەو دۆخە یاخی دەبن و دژی داعیش دەوەستنەوە و ڕێی بەرخودان دەگرنە بەر و هەندێ بەدیلی دەگیرێن و بەرەو چارەنووسێکی نادیار ڕاپێچ دەکرێن.

ئەم ڕۆمانە کۆمەڵێ بابەتی گرنگ لە خۆی دەگرێ و ئێمە لەم توێژینەوەیەدا تەنیا باسی کاریگەری ڕووداو لەسەر بنیاتی کارەکتەر و ناسنامەی کارەکتەرەکان دەکەین و توێژینەوەکەمان بەسەر سێ تەوەردا دابەش کردووە. لە تەوەری یەکەم دا باسی پەیوەندی ڕووداو و کارەکتەر دەکەین. لە تەوەری دووەم دا باسی کاریگەری ڕووداو لەسەر بنیاتی کارەکتەر دەکەین و تەوەری سێیەمیشمان بۆ باسکردنی کاریگەری ڕووداو لەسەر ناسنامەی کارەکتەر تەرخان کردووە.

میتۆدی ڕەخنەیی: بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پشتمان بە میتۆدی ڕەخنەی ڕۆشنبیری بەستووە کە دەق و نووسەر پێکەوە دەبەستێ ودان بەوەدا دەنێ کە دەق ئامرازێکە بۆ گەیاندنی پەیامی نووسەر بە خوێنەر. هەروەها نووسەر لەڕێی دەقەوە تێڕوانینی خۆی دەربارەی کارەکتەر و ڕووداوکان بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەردەبڕێ. لە هەمان کاتدا بە گوێرەی پێداویستییەکانی توێژینەوەکە سوودمان لە میتودی بنیاتگەری بەستووە بۆ باسکردنی پەیوەندی نێوان ڕووداو، و کارەکتەر، بە تایبەتی لە تەوەری یەکەم دا، کەچی بۆ شیکردنەوەی بنیاتی هەڵوەشاوەی دەقەکە سوودمان لە بۆچوونەکانی ژاک درێدا وەرگرتووە کە دژی باڵادەستی یەک سەنتەرە و داوای هەڵوەشانەوەی بنیاتی باودەکات کە لە ڕۆمانی نەریتیدا پەیڕەو دەکرێ. لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونەدا، باسی هەڵوەشانەوەو لێکترازانی تۆڕی گێڕانەوەی ڕۆمانی سنووری توێژینەوەکەمان کردووە.

کێشەی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا، دەمانەوێ وڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە: ئایا ئەم ڕۆمانە دەچێتە خانەی ڕۆمانی پاش نوێگەریوە...؟ هەروەها دەمانەوێ بزانین هەتا چ ڕادەیەک ڕووداوەکان ڕۆڵیان هەبووە لە تێکشکانی کارەکتەر و پەرت بوونی بنیات و ناسنامەی ئەو کارەکەتەرانەی کە لە جیهانی ڕۆمانەکەدا بوونەتە بەرجەستە کەری کەسانی ڕاستەقینەی خەڵکی شەنگال کە بەهۆی ڕووداوەکانەوە تووشی تێکشکان و پەرت بوونی ناسنامە بوونە لە سایەی ئەو ستەمەی داعیش و ئەوانی پێش داعیش دەرهەق بەوانیان کردووە...؟

بۆ نووسینی ئەم توژینەوەیە پشتمان بە کۆمەڵێ سەرچاوە بەستووە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ناوونیشانی توێژینەوەکەوە هەیە. هەروها لە کۆتایی دا ئاماژەمان بە گرنگترین ئەو ئەنجامانەداوە کە لەڕێی توێژینەوەکەوە پێیگەیشتووین، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی وئینگلیزی.

## تەوەری یەکەم: پەیوەندی نێوان ڕووداووکارەکتەر

ڕووداو توخمێکی زۆر گرنگی ڕۆمانە و لەم بارەیەوە کۆمەڵێ بۆچوون لەلایەن ڕەخنەگرانی ناوداری بواری گێڕانەوەناسییەوە خراوەتە ڕوو. باسکردنی ڕووداو پێویست بەوە دەکات بزانین کێ ڕووداو دروست دەکات...؟ وڵامی ئەم پرسیارە ڕوونە کە ئەویش کارەکتەرە. لەبەر ئەوە هەرگیز ناکرێ ئەم دوو توخمە لەیەك جیابکرێنەوە. هێنری جێمس ئاماژەی بەوە داوە کە ڕووداو و کارەکتەر دوانەیەکی لەیەك دانەبڕاون و دەڵێ: ((ناتوانم وێنای بابەتێك بکەم دەربارەی ڕۆمانی کەسێتی وەك چۆن ناتوانم وێنای باسێك بکەم دەربارەی وێنەی کارەکتەر. کاتێ مرۆڤ دەڵێ وێنە، مەبەستی وێنەی کارەکتەرە و کاتێ دەڵێ گێڕانەوە، مەبەستی گێڕانەوەی ڕووداوە(...) کەواتە کارەکتەر چییە ئەگەر دیاریکردنی ڕووداو نەبێ، و ڕووداو چییە ئەگەر نواندی کارەکتەر نەبێ؟ هەروەها هەریەك لە وێنە یان گێڕانەوە چین ئەگەر بۆ کارەکتەرەکان نەبێ؟...))(جیمس: 1971، صص 33_32 ).

ئەوەی ڕووداو دروست دەکات و ڕۆڵی تێدا دەگێڕێ تەنیا کارەکتەرە، لەهەمان کات دا ڕووداو کاریگەری لەسەر گۆڕینی هزر و بڕوا و هەڵس وکەوتی کارەکتەر هەیە. هەندێ جار تووشی گومانی دەکات و بڕوای بەهیچ نامێنێ، کەچی هەندێ جاریش دەیکاتە کەسێکی پڕمتمانە و لە ستەم یاخی دەبێ و داوای مافی ژیان و ئازادی و یەکسانی دەکات. کەواتە ڕووداو، و کارەکتەر دوانەیەکن یەکتر تەواو دەکەن. بۆ باسی ئەم

پەیوەندییەش تۆدۆرۆڤ لە میانی باسکردنی چیرۆکی هەزار و یەك شەوەدا بەم پرسیار و وڵامدانەوەیە دەست پێ دەکا کە دووپات کردنەوەی ئەو پەیوەندییەی نێوان ئەو دوو توخمەی گێڕانەوەیە. تۆدۆرۆڤ دەپرسێ: ((کارەکتەر چییە ئەگەر بۆ دیاری کردنی رووداو نەبێ؟ رووداو چییە ئەگەر بۆ روونکردنەوەی کارەکتەر نەبێ؟))(تودوروف: 2011، ص 35). یەکێك لە رەخنەگرانی بواری گێڕانەوە کە رۆڵێکی گرنگی لە بەرەوپێش بردنی ئەم زانستەدا هەبووە، (رۆلان بارت)ی فەرەنسییە و لە بارەی گرنگی کارەکتەر کە بکەری رووداوە، دەڵێ: ((دەرکەوتنی کردارەکان، گواستراو یان پیشاندراو، بەبێ کارەکتەر مومکین نییە، بۆیە ئەمە ناچارمان دەکات بڵێین لە جیهاندا گێڕانەوە نییە بەبێ کارەکتەر))(بارت: 1992، ص23).

کارەکتەر لەناو رووداودا دەناسرێتەوە؛ کەسایەتی دەروونیی ئەومان لە ژێر کاریگەری هێزی رووداوەکان دا بۆ دەردەکەوێ. خودی ئەو وەك بکەرێکی چالاك، خاوەن هەڵوێست، مرۆڤ دۆست، یان کەسێکی نەرێنی، خۆبەدەستەوەدەر، لەرزۆك، دڕە مرۆڤ و درندە، ستەمکار و خوێن رێژ رۆڵ لەناو رووداو، شوێن و کاتی رووداوەکان دا دەگێڕێ.

رووداو تاقیگەی ناسینی کەسایەتی کارەکتەرە، لە هەمان کات دا هەڵگری دیدگای نووسەری رۆمانە، لەبەر ئەوە لە توێژینەوەی رۆمان دا بایەخێکی زۆر بە هەردوو لا دراوە و لەبارەی پەیوەندی نێوان کارەکتەر و دیگای نووسەر گوتراوە: کارەکتەر سەنتەری تیشکۆیە و ناکرێ دەستی لێ هەڵبگیرێ؛ هێمای هزر و بۆچوون و ئایدیۆلۆژیای نووسەرە، لەبەر ئەوە رۆمان نییە بەبێ کارەکتەر و رووداویش بەبێ کارەکتەر روونادات(طريق، لبنى: 2020-2021، ص33).

رۆمان پەیوەندی بە کەتوارەوە (واقیعەوە) هەیە، بەڵام بەو مەبەستە ئەوە ناڵێین کە رۆمان رووداوەکانی ژیانی رۆژانە وەك خۆیان بگێڕێتەوە. ئەرکی رۆماننووس ئەوەیە ئەو رووداوانە لە قاڵبێکی هونەریدا پێشکەش بکات. واتە دەبێ رۆماننووس بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی خۆی و پەنابردنە بەر خەیاڵ، کۆمەڵێ گۆڕانکاری لە وێنەی ئەو رووداوانەدا بکات. لەم بارەیەوە (هێنری جێمس) دەڵێ: ((پەیوەندی بە هێزی نێوان ژیان و هونەر نابێ هەرگیز لە بیر بکرێ کاتێ کە باسی رۆمان دەکەین. ئامانجی رۆمان دووبارەکردنەوەی رووداوەکانی دەوروبەرمان نییە، ئەمە هەتا هەتایە هونەر دەکوژێ و روو بە رووی دەروازەیەکی داخراومان دەکاتەوە، هەوڵی رۆماننووس بۆ ئەوەیە دەستی بگاتە ئاواز و فێڵ و ریتمە نارێکەکانی ژیان))(جیمس، واخرون: 1971، صص 33-34).

راستە رۆمان بەرهەمێکی هونەرییە، بەڵام لە هەمان کات دا دەبێ لە خزمەتی کەتواردا بێ. هەرچەند رۆمان بە شێوەیەکی هونەری تۆکمە بنووسرێ، ئەوەندە زیاتر دەتوانێ رووداوەکانی ژیانی مرۆڤ لە خۆی بگرێ و لە کۆمەڵێ وێنەی جۆراو جۆردا خەون و ئاوات و ترس و کێشەکانی مرۆڤ لە رێی چەندین کارەکتەرەوە پێشکەش بکات؛ ئەمەش گوزارشت لە دیالێکتیکی پەیوەندی نێوان رۆمان و ژیان و رووداو، و کارەکتەر دەکات. لە هەمان کات دا پەیوەندی نێوان رۆمان و رووداوەکانی کەتوار وەك (هانی راهیب) دەڵێ: ((وادەکەن رۆماننووس روو بە رووی کۆمەڵێ ئاستەنگ ببێتەوە، چونکە کەتوار جێگیر نییە و گۆڕانی بەسەردا دێ و راستییەکان بە زەحمەت چنگ دەکەون و شێوە هونەرییە گونجاوەکانیش خێرا بەهای خۆیان لە دەست دەدەن و پێویستە رۆماننووس بەدوای ئەو شێوانەدا بگەرێ کە هێشتا لە دایك نەبوونە))(بدري: 2016، ص206).

لەبەر ئەوەی کەتوار جێگیر نییە، بەتایبەتی لەژێر کاریگەری رووداوە گەورەکان دا، بۆیە زۆر پێویستە ئامرازەکانی دەربڕینی رۆماننووسیش گۆڕانیان بەسەردا بێ، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی گونجاوتر، بتوانن وێنەی پەرت بوونی کەتوار و درزە دەروونییەکانی مرۆڤ لە رێی تورێکی نوێی گێڕانەوەوە پێشکەش بکەن. هەندێ رووداو بەجۆرێ کەتوار دەگۆڕن کە ناکرێ وەك پێشوو وێنەکانی بخرێتە بێش چاو. هەربەمەش وای خواستووە رۆماننووسەکان دەست لە گێڕانەوەی نەریتی هەڵبگرن و چیتر خەریکی ئەوە نەبن بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆژی رووداوەکان بگێڕنەوە. ئەم گۆڕانە؛ رووداو پەرت دەکات، کارەکتەر تووشی شکستی دەروونی دەکا، وێنەی شوێن و پەیوەندی بە کارەکتەرەوە لە ئارامییەوە بۆ نا ئارامی دەگوازێتەوە، بۆیە پێویستە پێناسەیەکی نوێ نەك هەر بۆکارەکتەر و رووداو، بەڵکو بۆ تەواوی توخمەکانی گێڕانەوە بدۆزێتەوە. ئەگەر نسکۆی پێنجی حوزەیرانی (1967) عەرەب بەرانبەر بە ئیسرائیل بکەینە نموونە، ئەوا دەبینین ئەو رووداوە تا چەند کەتواری کۆمەڵایەتی و بەهاکانی ژیانی لەناو عەرەب دا تووشی درزبردن کردووە و ئەمەش تا چەند کاریگەری لەسەر شێوازی نووسینی رۆمانی عەرەبی کردووە. لەم بارەیەوە (احمد الناوي بدري) لە پەرتووکی (گێڕانەوەکانی بگێڕەوە و رومانووس)دا دەڵێ: (( درزبردنی کەتواری کۆمەڵایەتی و هەرەسهێنانی بەها جێگیرەکان تەنیا نەبوونە هۆی درزبردن و شلۆق بوونی پلۆت، بەڵکو توخمەکانی دیکەی گێڕانەوەشی گرتەوە وەك کارەکتەر وجۆرەکانی ئاستی نواندن. دوای دۆڕانی - شەڕ- لە ساڵی 1967، و ئاوابوونی ناسنامەی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، و دابڕانی لە چوارچێوە مێژووییەکەی، وایان کرد چەمکی پاڵەوان لەم دەقانەدا بزرببێ و هەڵبووەشێتەوە و رۆماننووس پشت ببەستێ بە کۆمەڵێ کارەکتەری سەرەکی، یان کارەکتەری کۆمەڵەکی ...))(المصدر السابق: ص189). ئەگەر لەم روانگەیەوە تەماشای رۆمانی ( لالەکانی لالش) بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن بەتایبەتی دوای هێرشی داعیش بۆسەر

ناوچەی شەنگال، خود و ناسنامەی ئێزیدییەکان کەوتنە بەر هەڕەشەی درندەترین گروپی تیرۆریستی و زەوییان لێ کرا بە دۆزەخ و تەواوی بەها مرۆییەکانی ئەوان پێشێلکراو ژیان و بوونیان کەوتە مەترسییەکی گەورەوە. ئەم ڕووداوە بە سەختی کاری کردووەتە سەر نووسەری ئەم ڕۆمانە و ناچاری کردووە دەست لە هەبوونی یەك کارەکتەری سەرەکی و پلۆتێکی یەکگرتوو هەڵبگرێ و لەناو تۆڕی گێڕانەوەیەکی هەڵوەشاوەدا، کۆمەڵێ کارەکتەری سەرەکی و کۆمەڵەکی بخاتە ناو ڕووداوەکانەوە و بەناو کۆمەڵێ شوێنی جیاوازدا پەرش و بڵاویان بکات و لە ڕێی کۆمەڵێ ڕووداوی لێکترازاوەوە، کە پەیرەوی سستمی سەنترالیزمی گێڕانەوەیان تێدا نەکراوە، بخاتە جووڵە و لە زاری ئەوانەوە بەتاك و بەکۆ، بەشە جیاجیاکانی ئەو کارەساتە بێ وێنەیە بگێڕێتەوە. بەهۆی ئەو ڕووداوەوە خود و ناسنامەی کارەکتەرەکان پەرت و بڵاوبووەتەوە و بەهاکان لە ژێر پێ خراون و بوونی ئەوانی لە ژێر هەڕەشەدا تووشی دەیان گرفتی دەروونی و جەستەیی و هەژری کردوون و تەنانەت لای هەندێکیان گومان و بێ هیوایی؛ تووشی سەرگەردانی کردوون و ئەوەی لایان دووپات کردووەتەوە کە دوژمن بە درێژایی مێژووی کۆن و نوێ، بە جیاوازی ڕەنگ و ئاڵا و ناسنامە و دەسەڵات و دەوڵەتەوە، یەك ئامانجیان هەبووە؛ ئەویش قەڵاچۆکردن و بەتاڵان بردنی سەر و سامانی ئەو خەڵکەی کە لەم ناوچەیە ناسنامەیەکی ئاینی و نەتەوەیی جیاوازیان هەیە.

## تەوەری دووەم: کاریگەری ڕووداو لەسەر بنیاتی کارەکتەر

ئەم ڕۆمانە تژییە لە ڕووداوی جۆراو و جۆر، هەندێکیان ڕووداوی مێژوویین، و هەندێکیان ڕووداوی خۆکوژی و هەندێکی تریان ڕووداوی کەسین؛ هەریەك لەو ڕووداوانە بە هۆکارێکی دیارکراو ڕوویانداوە. لە ڕووداوی لەو جۆرەنەدا، ژمارە و جۆری کارەکتەر و چارەنووسیان جیایە. بەگوێرەی ئەمەش دەبینین دەیان جۆری کارەکتەر بەشدارییان لە ڕووداوەکان دا کردووە وەك کەللەسەر، بەرد، باڵندە، ڕووبار، کانی، درەخت، پیرەمێرد، پیرەژن، ژنی گەنج و کچی هەرزەکار، منداڵ و کوڕی لاو، ئاڵای ڕەش و تیرۆریستی داعیشی، و لیوای سەربازی، و پاشا و میر. ئەمەش وای کردووە زەمەنی ڕووداوەکان لەسەر یەك هێڵ نەچن بەڕێوە. بەگشتی ڕووداوەکان دژی ئێزیدییەکان بەرپاکراون، هەوڵی سەرەکیش بۆ کوشتن و لەناوبردن یان دەستەمۆکردن و ناچارکردنیان بووە بۆ ئەوەی واز لە ئاینی خۆیان بهێنن. هەندێ ڕووداو جەنگین، و هەندێ ڕووداو کۆمەڵکوژین و لە هەندێکی تردا دەست درێژی بۆ سەر نامووسی ژنان و کچان براوە. لە زۆربەی ڕووداوەکانیش دا کارەکتەرەکان تووشی تێکشکانی دەروونی و دابەش بوون بەسەر دوو حەزی ناکۆك و دوو هەڵوێستی دژ بە یەك و دوو تێڕوانینی جیاوازدا بوونە. ئەمەش بەشێکە لە خەسڵەتەکانی ڕۆمانی نوێ، چونکە ((پەرت بوون و لادان کە هەموو ئاستەکانی گێڕانەوە دەگرێتەوە، یەکێکە لە میکانیزمەکان یان تەکنیکێکە لە تەکنیکەکانی گێڕانەوەی نوێ. گێڕانەوەی نوێ گەلێ خەسڵەتی دژبەیەك و ڕەنگی جیاواز لە خۆی دەگرێ(...) لە ڕووداویکەوە بۆ ڕووداوێك و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە و لە کارەکتەرێکەوە بۆ کارەکتەرێکی دیکە دەگوازێتەوە.. ئەم لادانە بە ئەنقەست دەکرێ و دەبێتە هۆی تێکشکانی زنجیرەی زەمەن))(الماضي: 2008، ص15).

کامەران خۆشناو لەم ڕۆمانەدا لە باسی کارەکتەرێکەوە بۆ یەکێکی دی و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، لە ڕووداوی زەمەنێکی کۆنەوە بۆ ڕووداوی زەمەنێکی نوێ و بە پێچەوانەوە، ڕەوتی گێڕانەوەکە دەگۆڕێ. گەلێ جار لە باسی خودی یەك کارەکتەردا؛ دۆخی پەرت بوونمان بۆ بەرجەستە دەکا و دوو هەڵوێستی جیاواز و دژیەك لە خودی یەك کارەکتەردا پیشان دەدات. بۆ ئەم بۆچوونەش چۆلۆ خەنجەر دەکەینە نموونە، کە ڕۆماننووس لە ژێر ناوی (من کەللەسەرم) باسی دوو هەڵوێستی دەروونی ئەم کارەکتەرەمان بۆ دەکات کە لە هێرشی سووپای میری گەورە یان کۆرە لە ساڵی هەزار و هەشت سەد و سی و دووی زاینی بۆ سەر ئێزیدییەکانی شەنگال بە برینداری گیراوە و لە لایەن جەللادەوە سەری پەلکراوە. کەللەسەری ئەم کارەکتەرە دەڵێ: ((وەك ئێزدییەك شتێك ئارامی پێبەخشیم، ئەویش باوەڕ هێنانم بوو بە کراس گۆڕین، چون دەزانم ڕۆحم ئەم جەستە جێدێڵێت، زوو یان درەنگ ئازاد دەبێت، بەڵام باوەڕبکەن؛ نەوەك یەکجار، هەزار جاری دیکەش ڕۆحم بێتەوەبەر، هەر مێرخاس و ئێزیدی دەبم... بەڵام ئەم جارەیان بەدوای هاوسەر و کوڕەکەمدا دەگەڕێم، نەوەك سەروەری و شکۆی کەسی))(خۆشناو: 2019، ل17). لێرەدا کەللەسەر لەزاری چۆلۆ خەنجەرەوە، ئەوە دووبات دەکاتەوە کە ئەو ئارامە ئەگەرچی کەللەسەری لە جەستەی جیاکراوەتەوە، چونکە لەڕێی کراس گۆڕینەوە جارێکی دی دەگەڕێتەوە بۆ ژیان و زیندوو دەبێتەوە، بەڵام ئەم جارە بەدوای هاوسەر و کوڕەکەیدا دەگەڕێ نەك بەدوای سەروەری و شکۆدا. واتە لای ئەو مردن کۆتایی ژیان نییە و سەرلەنوێ لە بەرگێکی تردا دەست بە ژیان دەکاتەوە. کەچی هەمان کارەکتەر و لەزاری کەللەسەرەکەیەوە باسی نا ئارامی خۆی دەکات، چونکە سەرێکە و نازانێ جەستەکەی لە کوێیە و وەك مردوویەکیش بەگوێرەی ڕێ و ڕەسمی ئاینی ئێزیدی بە خاك نەسپێنراوە. کەللەسەرەکە لە زاری چۆلۆ خەنجەرەوە دەڵێ: ((منێك کە سەردەستەی سوارەکانی عەلی بەگ بووم، واملێهات... چۆن جەستەم لە گۆڕدا ئاسوودە دەبێت، کە هیچ ڕێورەسمێکی

ناشتنیان بۆ نەکردم؟ دەبوایە جەستەم لەلایەن شێخ و پیرەکەم بشۆرێت، خوشك و برای ئاخیرەم(...) یارمەتیيان بدایە، دواتر شێخ هەندێ پارانەوەی بۆ کردبام(...) تۆزێ خۆڵی پیرۆزی گۆڕی شێخادی بخرایە سەر هەنیە و چاوەکانم، پاشان جوانترین جل و بەرگم لەبەر کرابایە، لەنێو پێخەفێکی نەرمونیان بەرەو رۆژهەڵات نێژرابام تا بەردەوام چاوم لە رۆژهەڵاتن بووایە)) (خۆشناو: 2019، ل15).

نووسەری ئەم رۆمانە چیتر درێژە بەباسی ئەو کارەکتەرە نادا و دێتە سەر باسی کارەکتەرێکی دی و دەیەوێ رۆڵی ئەومان لەناو رووداوێکی دیکەدا بۆ بگێڕێتەوە. واتە لەم رۆمانەدا پلۆت هەڵوەشاوەتەوە، یەك رووداوی سەرەکی و یەك کارەکتەری سەرەکی تێدا نییە و تەواوی رۆمانەکە لە کۆمەڵێ هێشوە رووداو پێکهاتووە. لە هەر رووداوێکدا یەك کارەکتەر یان چەند کارەکتەرێك پێکەوە رۆڵی تێدا دەگێڕن و بە کۆتایی ئەو رووداوە؛ گێڕانەوەکە دەگوازرێتەوە بۆ باسکردنی رووداوێکی دیکە و یەك کارەکتەر یان کۆمەڵێ کارەکتەری دی رۆڵی تێدا دەگێڕن. کەواتە پلۆت کە لە گێڕانەوەدا بنەمای رێکخستن و نواندنی جووڵەی دەقە و بەسەرهاتە جیاوازەکان لە چوارچێوەی رووداوێکی سەرەکیدا رێك دەخات، لە سایەی رۆمانی پاش نوێگەری، کە ناسراوە بە رۆمانی هەستیاری نوێ، پلۆتێکی لەو چەشنەمان دەست ناکەوێ و رووداوێکی سەرەکی تێدا نییە کە هێڵی گێڕانەوەکەی لەسەر رێکخرابێ و رووداوەکانی تر لە چوارچێوەی ئەودا یەك لە دوای یەك هاتبن. لەم رۆمانەدا رووداو کەرتکراوە، ملکەچی لۆجیکی هۆ و هۆکار نابێ(العدواني: 2016، ص92). هەروەها تەواوی دەقەکە لەرێی کارەکتەرێکی سەرەکی و چەند کارەکتەرێکی لاوەکییەوە بە شێوەیەکی زنجیرەیی بەرەو پێش ناروات.

لەبەر ئەوەی رووداوەکان کەرتکراون و پێکەوە نەبەستراون، بۆیە لە رۆمانی (لالەکانی لالش)یشدا کارەکتەرەکان جیاوازن و ئەوەی لە رووداوێك دا بەشدارە، مەرج نییە لە رووداێکی تردا بەشداری بکاتەوە و بەمەش پردێك لە نێوان رووداوەکان دا دروست ببێت. بۆنموونە رۆماننووس لە لاپەڕە (48) تا لاپەڕە (53) باسی ئازایەتی و قارەمانێتی (مەمۆ تاقانە) و چۆنێتی شەهید بوونی دەکات، کە خۆیی و باوکی بەشداری لە شەڕێکی دژ بە سووپای عێراق دەکەن، کاتێ شێخ داود ئێزیدی رازی نابێ گەنجانی ئێزیدی بچنە خزمەتی سەربازی لە سەردەمی مەلیك غازی دا. ئەم گەنجە بەخۆیی و باوکی لە سەنگەردا هاوشانی یەك دەجەنگن. باوکی شەهید دەبێ و مەمۆش بەبرینداری دەگیرێ و پاشان لەلایەن ئەفسەرێکەوە سەری پەل دەکرێ. لیوا حسێن فەوزی کە سەرکردایەتی ئەو هێرشەی سووپای عێراق دەکات، سەربڕینی ئەو گەنجەی زۆر پێ ناخۆش دەبێ. داوا دەکات تەرمەکەی بدەنەوە دەست دایکی بۆ ئەوەی بەحورمەتەوە بە خاك بسپێردرێ. نووسەر لەزاری مەمۆ تاقانەوە باسی دوا ساتەکانی پێش مردن و پاش مردنی ئەو کارەکتەرە دەکات و دەڵێ : ((ببورن دەبێ برۆم، هەست دەکەم رۆحم بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە، وێنەکان بچووکتر دەردەکەون (...) دەزانن لەوکاتەی گیانم بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە و هەرچەندە زۆر دوورم، بەڵام هەرگوێم لە شیوەنی دایکمە، هاواری (هۆهۆ مەمۆ ۆۆۆۆ) دەگەیشتە کەشکەڵانی فەلەك!)) (خۆشناو: 2019، ل53).

پاش تەواوکردنی باسی چارەنووسی مەمۆ تاقانە، جارێکی دی ئەم کارەکتەرە لە دەقەکەدا باس ناکرێتەوە و تەنانەت لەزاری کارەکتەرێکی ترەوە ناوی ناهێنرێ، نووسەری رۆمانەکە دەچێتە سەر باسکردنی کارەکتەرێکی دی. بۆ نموونە دەچێتە سەر باسی (ئاڵای رەش)ی داعیش و دەیکاتە کارەکتەر و دەیخاتە دواندن بۆ ئەوەی لەرێی ئەم هێمایەوە بناغەی هزری داعیش بۆ خوێنەر ئاشکرا بکات. ئەفراندنی ئەم جۆرە کارەکتەرە ئەوە دووبات دەکاتەوە کە کارەکتەر دروستکراوێکی دەستی نووسەرە بۆ ئەوەی فەلسەفە و تێروانینی خۆی دەبارەی کەس و رووداوەکانی نێو کەتوار بەرجەستە بکات. نووسەر، کارەکتەر ((تەرخان دەکات بۆ ئەوەی وەك ئاوێنەیەك کەتوار و ئەو کەسانە پیشان بدات کە چاوی پێکەتوون و کارەکتەر کۆمەڵە خودێکە رۆماننووس دەیئافرێنێ بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کارانەی پێی سپاردوون، و ئەوان ملکەچی دەسەڵاتی نووسەر و تەکنیك و بۆچوون و ئایدیای ئەمن، واتە فەلسەفەی ئەم لە ژیان دا))(وفاء، فریال: 2020-2021، ص62).

نووسەر لە زاری (ئاڵای رەش)هوە ئەوە روون دەکاتەوە کە چۆن لەسایەی ئەودا ئاینی ئیسلام زیانی گەورەی پێکەوتووە، و بەکارهێنراوە بۆ هەڵوەشانەوەی شیرازەی ئەو ئاینە و ناشیرین کردنی وێنەکەی لە زەینی خەڵکی دا. ئاڵای رەش دەڵێ: ((باوەڕ ناکەم هیچ شتێك هێندەی من کاریگەری نەرێنی بەسەر ئاینی ئیسلامەوە هەبووبێت ! بەهانەیەکی ئامادەی ناشیرینم بە دەست توندڕەوان؛ بۆ تێکدانی شیرازەی ئەم ئاینە ئاڵا سپییە ! کوتەکێکم بە دەست توندئاژۆیان؛ بۆ کوشتنی خەڵك، ماددەیەکی هۆشبەرم بۆ خەواندنی میللەت. دەلیجەیەکم بۆ دەستی دەرەکی؛ بۆ هاتنە ناوچەکە. پوازێکم بە دەست نەزانان، بۆ قڵیشکردنی بەرەی موسڵمانە بێ ئاگاکان)) (خۆشناو: 2019، ل125). لەرێی ئەو قسانەوە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، نووسەر داکۆکی لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەکات و ئەوە دووپات دەکاتەوە کە داعیش دیاردەیەکی نامۆیە و بۆ شێواندنی ئیسلام دروستکراوە و بەکاهێنراوە نەك بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕاست و دروستی ئەو ئاینە پیشانی خەڵکی ئەم سەردەمە بدات. ئەم قسانەش ئەوە دەسەلمێنێ کە رۆماننووس و دەقی رۆمانی (لالەکانی لالش) پەیوەندییەکی بەهێزیان پێکەوە هەیە. لەپاڵ

ڕیسواکردنی کارە نامرۆڤایەتییەکانی داعیش دا داکۆکی لە ئاینی خۆی دەکات و لەهەمان کات دا پشگیری خۆی بۆ ستەملێکراوەکانی ناوچەی ڕووداوەکە دردەبڕێ کە ئەوانیش کوردانی ئێزیدی خەڵکی شەنگالن. ئەم بۆچوونەشمان ئەوە دووپات دەکاتەوە کە نووسەری ڕۆمانەکە هەوڵی داوە لەڕێی ئەم دەقەوە پەیامی پشتگیری خۆی ڕابگەیەنێ و ئەوەش ڕەت بکاتەوە کە گوایە نووسەر ڕۆڵی نییە لەناو دەق دا و نابێ لە دەق دا بەدوای ئەودا بگەڕێین وەك ئەوەی بنیاتگەرەکان مەرگی نووسەریان ڕاگەیاند. لەبارەی پەیوەندی نێوان دەق و نووسەرەوە پەنا بۆ بۆچوونێکی (واین بوت) دەبەین کە بەلاوەنانی نووسەر ڕەت دەکاتەوە. ئەم گوتەیە لە پەرتووکی ( کەتوارو وێناکردن) لەنووسینی (د.مرسل فالح العجمي)یەوە وەرگێراوە و دەڵێ: ((واین بۆت ئەو گوتانەی ڕەخنەی نوێی ڕەت کردەوە کە پێداگیری دەکەن لەسەر ئایکۆنییەتی دەق و دەست هەڵگرتن لە نووسەر و خوێنەر))(العجمي: 2014، ص21).

زانیارییەکانی نووسەر لە ڕۆمان دا ئەوە دەسەلمێنێ کە چۆن ئەو هەوڵ دەدات لەڕێی نووسینەوە پەیامی خۆی بە خوێنەر بگەیەنێ. ئەگینا کارەکتەر کە بەرهەمێکی زمانی و بوونەوەرێکی خەیاڵی و دروستکراوێکی سەر کاغەزبێ؛ ئەو زانیارییانە لە کوێ بهێنێ کە ئەگەر نووسەرێکی لەپشت نەبێ...؟. لەبەرئەوە وەك (ئالان برۆن) دەڵێ: ((نووسەر خاڵی پەڕینەوەیە بۆ تێگەیشتن لە ئەدەب، بۆیە ناکرێ فەرامۆش بکرێ، ئەو توخمەیە کە ناکرێ لەو بەرهەمە جیابکرێتەوە کە بەرهەمی دەهێنێ))(بدري: 2016، ص184). هەروەها چەند تیۆرێکی ڕەخنەیی نوێ ڕۆڵیان هەبوو لە گەڕانەوەی نووسەر بۆ ناو دەق وەك ڕەخنەی پراگماتیکی و تیۆری وەرگرتن و کۆمەڵناسیی ئەدەب(المصدر السابق: ص183-184) و هەروەها تیۆری ڕۆشنبیری و ڕەخنەی ژنانە(فێمینیستی).

ئەگەر جارێکی تر بچینەوە سەر (ئاڵای ڕەش)، لەوێدا بۆمان دەردەکەوێ کە ڕۆماننووس (کامەران خۆشناو) چۆن بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوە ڕۆشنبیری و مێژووییەکان و لەزاری ئەو ئاڵایەوە دەیەوێ درۆی داعیش ئاشکرا بکات و ئەوە بسەلمێنێ کە ئەو ئاڵایە، ئاڵای پیرۆزی ئیسلام نییە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ململانێی نێوان بەنی عەباس و بەنی ئومەیە، لەسەر پاوانکردنی دەسەڵات لەو سەردەمە کۆنەدا. ئاڵای ڕەش دەڵێ: ((ئاخر زۆر سەیرە و بە هەموو پێوەرەکان؛ من دروست نیم، دەزانن چیم ؟ پیرەبووك و وەهمێك... چەند هەواڵێکی ناڕاست و هەڵبەستراوی بەنی عەباس، بۆ وەرگرتنی جڵەوی دەسەڵات و خیلافەت، لەناوبردنی بەنی ئومەیە. چەند فەرموودەیەکی لاوازی بێ بنەما، کە نەعیمی کوڕی حەمماد، لە کتێبەکەی بەناوی ئەلفتنە( واتا ئاژاوەکان) دایناوە؛ کە باس لە کۆتایی هاتنی دونیا دەکات؛ لێوانلێون لە درۆ، ئاژاوە و فیتنە)) (خۆشناو: 2019، ل125).

یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی بنیاتی گێڕانەوە، سوود وەرگرتنی ڕۆماننووسە لە ڕووداوی ڕاستەقینەی ژیانی مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگە، لە هەمان کات دا سوود وەگرتن لە تواناکانی خۆی بۆ دروست کردنی ڕووداو و کارەکتەری خەیاڵی، بۆئەوەی بتوانێ گۆڕانکاری لە بەسەرهات و چارەنووسی کارەکتەرە وێناکراوەکان دا بکات، چونکە ڕۆماننووس بۆی نییە لەخۆڕا دەستکاری چارەنووسی کەسە ڕاستەقینەکانی ناو واقیعی کۆمەڵگە بکات. ئەم دەستکارییانە ڕێ خۆش دەکات ڕۆماننووس لەڕێی کارەکتەرە دروستکراوەکانەوە گەمەی گێڕانەوە ئەنجام بدات و چێژی خوێنەر بوروژێنێ و بەرەو ناو ژیانی ئەو کارەکتەرانەی ڕابکێشێ، چونکە ((ئەفراندنی کارەکتەری وێناکراو گەوهەری بەرهەمی ڕۆمانە))(فایر: 1988، ص45).

لەم ڕۆمانەدا (لالەکانی لالش) دەیان کارەکتەری خەیاڵی یان دروستکراو بە سوود وەرگرتن لە شت و بوونەوەرانی ناو سروشت، ڕۆڵی خۆیان لە ڕووداوەکان دا گێڕاوە وەك (هەڵۆ، درەخت، کانی، بەرد، باڵندە، چیا...). هەندێکیان هێمان بۆ ئازایەتی و هەندێکیان ساباتێکن بۆ پشوودان و هەندێکی تریان ویستگەن یان ئامرازن بۆگەشتکردن بۆناو جەرگەی ڕووداوەکان لە وڵاتی عێراق و سووریا.

هەڵۆی شەنگال یان سینجار، بەم شێوەیە باسی ئازایەتی خۆی دەکات و دەڵێ: ((من هەڵۆ سەربەستە تۆخە بەرزە فڕەکەم. ڕەنگم لە نێوان قاوەیی تۆخ و ڕەشە. پێم دەڵێن شەنگالی یان سنجاری، چون چیای شەنگالم زۆر لا خۆشەویستە، بەردەوام سەردانی دەکەم. پێم دەڵێن شەنگالی، چونکە وەك ئەم کێوە گەورە، دڕ، سەربەرز و سینگ پانم. ئاها... جیاوازیم چییە لەگەڵ هەڵۆکانی دیکە؟ سەرم بچووکە و پێیەکانم درێژن، کە تا سەر ئەژنۆ بە تووك داپۆشراوم. بوەستن ئەمانە جیاکارییەکانمن، بەڵام هەمووان بە ئازایەتی و چاو نەترسی و چەتوونی دەمناسنەوە)) (خۆشناو: 2019، ل231).

ڕۆماننووس لەڕێی وەسفی ئازایەتی ئەم هەڵۆیەوە دەیەوێ سەرنجمان بۆ ئازایەتی و چاونەترسی و خۆڕاگری خەڵکی شەنگال ڕابکێشێ. ئەوان کە بەدرێژایی سەدان ساڵ دژایەتی کراون و ماڵیان وێرانکراوە و خەڵکیان بە کۆمەڵ لێکوژراوە و کچانیان ڕفێنراوە و لە بازاڕەکانی موسڵ و ناوچەکەدا مناڵەکانیان هەرزان فرۆشکراوە، لەگەڵ ئەوەش دا ملیان بۆ ستەم نە چەماندووەتەوە و ئامادە نەبوونە دەست لە دوو ناسنامەی خۆیان هەڵبگرن کە ئەوانیش : ناسنامەی کوردبوون و ئێزیدی بوونە. لەم پێناوەش دا قوربانییەکی زۆریان داوە و بۆشکاندنی هێزی دوژمن، ئازایانە و دلێرانە جەنگاون. چیای

شەنگالیش هەمیشە پەناو پشتیان بووە لەکاتە سەخت و دژوارەکانی ژیان و بەرخودان دا.

کاتێ کۆمەڵگەی شەنگال لەنجامی هێرشی درندانەی داعیش تووشی پەرت بوون بوو، ئیتر دەرفەتی ئەوە نەماوە لەبەردەم ڕۆماننووسێکی هەستیاری نەتەوە خواز و مرۆڤ پەروەری وەك (کامەران خۆشناو) کە بە شێوەیەکی نەریتی تۆڕی گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانە ڕێك بخات و دەست بدات بۆ گێڕانەوەی ئەو کارەساتە، چونکە خەڵکی ناوچەکە بەگشتی و خەڵکی شەنگال بە تایبەتی ئارامییان لە دەستداو بە کۆمەڵ پەرت بوون و لە ڕووی دەروونییەوە تێکشکان و ناسنامەیان کەوتە بەر هەڕەشە و بوونیان کەوتە مەترسی لەناوچوونەوە. ئەو پەرت بوون و شڵەژان و نائارامییە وەك بابەت ئەوە لە ڕۆماننووس دەخوازێ شێوازێکی نوێ بۆ گوزارشت کردن لەو دۆخە بەکاربهێنێ. بەم هۆیەوە، شێوازی پەرت بوونی گێڕانەوە بووە تۆڕێکی جاڵجاڵۆکە ئاسا بۆئەوەی خودە پەرتبووەکان لە خۆی بگرێ و هەرجارێ بەسەرهات و هەڵوێست و چارەنووسی یەکێ یان کۆمەڵێ لەو خودە پەرت بووانە بگێڕێتەوە.

ئەم ڕۆمانە وەك پێشتر باسمانکرد یەك ڕووداوی سەرەکی تێدا نییە، بەڵکو ڕووداوەکان بە گوێرەی پەرت بوونی کارەکتەرەکان، پەرش و بڵاوبوونەتەوە؛ چەند ڕووبارێکی جودان و تەنیا لە ناوونیشانی ڕۆمانەکە و لە ڕوانگەی نووسەرەوە یەك دەگرنەوە. ئەم جۆرە ئەزموونە (ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین ) لە ڕۆمانی کوردی دا تاقی نەکراوەتەوە، بەڵام لە ڕۆمانی عەرەبی دا نموونەی هەیە و یەکێك لەو ڕۆمانانە کە ناوی (دەریاش پڕ نییە) کە لە نووسینی ڕۆماننووسی میسری (جمیل عطیة ابراهم)ە وەك نموونە ئاماژە پێ دەکەین و بۆلێکدانەوەی شێوازی گێڕانەوەکەی سوود لە بۆچوونەکانی (د. أحمد بن سعید العدواني) وەردەگرین کە دەڵێ: ((دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە ئەم ڕۆمانە یەك ڕووداوی سەرەکی تێدا نییە، و بگێڕەوە لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی دی و لە ڕووداوێکەوە بۆ ڕووداوێکی دی دەچێ، بەڵکو بگرە بۆ کۆمەڵێ ڕووداو لە یەك لاپەڕەدا دەچێ بێ ئەوەی پەیوەندی هۆکاری لە نێوانیان دا هەبێ. بەڵام یەکێتی سەرچاوە پێکەوەیان کۆدەکاتەوە لەڕێی ئاگایی بگێڕەوە و تێڕامانیان لەلایەن ئەوەوە، تەنانەت دەکرێ دووبارە بەشەکانی ڕۆمانەکە ڕێك بخرێتەوە بێ ئەوەی شێوانێکی گەورە ڕووبدات))(العدواني: 2016، ص93).

بنیاتی گێڕانەوەی ڕۆمانی (لالەکانی لالش) ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە بنیاتێکی کۆنی نووسینی ڕۆمانی کوردییە. تەواو وەك ڕۆمانێکی هاوچەشنی (دەریاش پڕ نییە) کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، بنیاتێکی پەرش و بڵاوە. دەکرێ سەرلەنوێ ڕێك بخرێتەوە بێ ئەوەی شێوانێکی گەورە لە گێڕانەوەکەی دا ڕوو بدات. ئەم تێکشکانەی بنیاتی یەکگرتوو، بێجگە لە کاریگەرییەکانی جیهانی کەتوار، بۆچوونەکانی (ژاك دریدا) سەبارەت لێدانی تاك سەنتراڵی کە میتۆدی (هەڵوەشانەوەگەرایی) لێ هاتە بەرهەم، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەوەی ڕۆماننووسانی دوای نوێگەری لەو شێوازە باوانەی گێڕانەوە یاخی ببن و بەرەو پەیڕەوکردنی تۆڕی هەڵوەشاوە هەنگاو بهاوێن. پاش نوێگەری هات بۆئەوەی ((گێڕانەوە گەرەکان وێران بکات کە نوێگەری برەوی پێدابوو، هەروەها ئەوەی جێگیر و لایەنگیربوو بۆ لایەنێك بێ لایەنێکی دیکە، ئەویشی ڕەتکردەوە. واتا ئەو ویستی ئەو بۆچوونانە بشکێنێ کە نوێگەری بەکاری هێنا و واژۆی لەسەرکرد. لە بەرانبەردا کۆگایەکی لە بیری نوێی لەگەڵ خۆی هێنا وەك پەرت کردن و گومان کردن و فەوزا، ئەمەش چەند میتۆدێکی ڕەخنەیی هێنایە ئاراوە یارمەتی دا لە ئەرکی تێکشکاندن و وێران کردن دا. لە هەموویان گرنگتر هەڵوەشانەوەگەرایی بوو بە ڕابەرایەتی (دریدا) کە تاکە مەبەستی لێکترازانی هەموو ڕێسا باوەکان بوو، هەروەها هەموو ئەوەی لە ڕووی تیۆرییەوە ڕێککەوتنی لەسەربوو، لەگەڵ جێلەقکردنی ئەوەی سەنتراڵە))(دهیة: 2020-2021، ص38).

هەڵوەشانەوەی گێڕانەوەی یەکگرتوو لە ڕۆمانی (لالەکانی لالش)دا تەنیا بنیاتی کارەکتەری وەك خودێك نەگرتووەتەوە، بەڵکو پەرپووەتەوە بۆ پەرت بوونی ناسنامەی ئەوان. ئەم پەرت بوونەش لە ئاخاوتن و هەڵوێست و باری دەروونی و بیرکردنەوەی ئەوان دا ڕەنگی داوەتەوە، لەبەرئەوە بە پێویستمان زانی بەتەوەرێکی سەربەخۆ باسی ئەم لایەنە بکەین.

## تەوەری سێیەم : کاریگەری ڕووداو لەسەر ناسنامەی کارەکتەر

خود و ناسنامە دوو ڕووی دراوێکن و لەیەك جیانابنەوە، هەر خودێك بە گوێرەی تەمەن و ئەزموون و ژینگەی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی، خاوەنی ناسنامەیەکی تایبەت و هاوبەشە. یەکێك لە ناسنامە گرنگەکانی خود، زمانە، چونکە لەڕێی زمانەوە کەسایەتی ڕۆشنبیری و دەروونی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی ئەو خودە ئاشکرا دەبێ. لەپاڵ زمان دا مێژوو، ئاین، نەتەوە سێ کۆڵەگەی سەرەکی دروست بوونی ناسنامەی خودن.

ناسنامە ((زاراوەیەکی ڕۆژئاواییە و بەم شێوەیە لە زمانی ئەوان دا بەکارهاتووە :Identiy-Identite.ئەم زاراوەیە لە ڕاناوی نادیاری لاتینی و ئینگلیزی و فەرەنسییەوە هاتووە. مەبەست لە ناسنامە بناغەیە کاتێ هەمیشە وەك خۆی دەمێنێ ئەگەرچی لە ڕووکەش دا گۆڕانی بەسەردا بێ))(وهبة: 2007، صص666-667). ئەگەر لە ڕوانگەی کارلێکی نێوان ناسنامە

جیاوازەکانەوە لەو بۆچوونە بدوێین ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کە لە ئەنجامی بەریەککەوتنی نێوان ناسنامە جیاوازەکان گۆڕانکاری لە ناسنامەدا دروست دەبێ، بەڵام لەگەوهەردا ناسنامە وەك خۆی دەمێنێ و تەنیا لە رووکەش دا ئەو گۆڕانە تێبینی دەکرێ. ئەم حاڵەتی جێگیربوونە، رێگرتنە لە پەرەسەندنی گەوهەری ناسنامەی تاك و کۆمەڵگەکان، گۆڕان دیاردەیەکی سروشتییە، بەمەرجێ لەڕێی هێزەوە بەسەر ئەوی تردا نەسەپێنرێ.

پیتەر کۆزان، لەبارەی چەمکی ناسنامە لای (ئێریك ئێرکسۆن) دەڵێ: (ناسنامە، واتا ناسنامەی (من) بەواتای هەستی کەسی، شارەزایی، هەستکردن بەوەی کەسێکی دیارکراوم، خاوەنی جەستە و هێزی زەینی خۆمم، کارام و توانام هەیە بڕیار بدەم. ناسنامە وێنەی خودە، ئەو بۆچوونەیە مرۆڤ دەربارەی تایبەتمەندییەکانی و خاڵی هێز و لاوازی و ئەسڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و بەها و ئامانجەکانی ژیانی دروستی دەکات))(وفاء، فریال:2020-2021، ص33). لەڕوانگەی ئەو بۆچوونەوە ناسنامە وێنەی هزر و توانا و ویست و ئەسڵ و بەها و ئامانج و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاکە. بەم بۆچوونەش ناسنامە مۆرکێکی تاکانەی هەیە و لەبوون و هزر و کردار و رەفتاری کەسەکان دا رەنگ دەداتەوە.

لەباسی (ناسنامە)دا، ئەلیکس میکشیلی، سەبارەت بەچەمکی ئەو زاراوەیە دەڵێ: ((چەمکی ناسنامە بەو نەسەقە پێوەرییانە دەگوترێ کەسێکی پێ دەناسرێتەوە، ئەمەش ناسنامەی کۆمەڵەیەك و کۆمەڵگەیەك و رۆشنبیرییەکەشی دەگرێتەوە))(حمود، عبدالمولی: 2017-2018، ص 3). کەواتە ناسنامە وەك چەمکێك، کۆمەڵێ نەسەق پێوەری هەیە وەك ئاین، زمان، نەتەوە، داب و نەریت، باری رۆشنبیری، بەمانەش پێکەوە دەکرێ ناسنامەی تاك لەناو کۆمەڵەیەك و ناسنامەی کۆمەڵەیەك لە سەردەمێکی دیارکراودا بناسینەوە.

هەبوونی ناسنامە، واتا هەبوونی تاکێك و کۆمەڵگەیەك، ئەمەش وادەکات ئەو تاك و کۆمەڵگەیە لەنێوان خۆیان و لەگەڵ ئەوانی دەرەوەی خۆیان دا گفتوگۆ سازبکەن لە پێناوی ئەوەی زانیاری بگۆڕنەوە و زیاتر یەکتر بناسن و هاوکاری یەکتر بکەن. ناسنامە تەنیا پەیوەندی بە ئێستای ئێمەوە نییە، بەڵکو سەرچاوەکەی بۆ رابردوومان دەگەڕێتەوە و بەناو کۆمەڵێ گۆڕانکاری دا تێپەڕیوە تاگەیشتووەتە ئەم شێوەیەی ئێستای. لەم بارەیەوە (چارلز تایلۆر) دەڵێ : ناسنامە واتە ئێمە کێین، زانیاری و ئەزموونەکانی رابردوو بەرجەستە دەکات و مانایەك بە زەوق و ئارەزوو، و هەڵبژاردە و ئامانجەکانمان دەبەخشێ. پەی بردنم بەناسنامە مانای ئەوەیە ناسنامەم کردووەتە بابەتێك بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەوانی تردا. کەواتە ناسنامەم تارادەیەکی زۆر پشت بە پەیوەندی گفتوگۆکاریم لەگەڵ ئەوانی تردا دەبەستێ))( المصدر السابق: ص4). لەبەر رۆشنایی ئەوانەی باسکران بۆمان دەردەکەوێ کە ناسنامە چەند گرنگە و کاتێ دەکەوێتە بەر هەڕەشەی شێوان و لەناو چوون؛ چۆن مرۆڤەکان تووشی نیگەرانی و دوو دڵی و بێ ئومێدی دەبن و بروایان بە هیچ بە هایەك نامێنێ، یاخود دەکەونە دۆخی بەرگری و ئامادە دەبن لە پێناوی پاراستنیدا قوربانی گەورە بدەن.

ئێزیدییەکان کە دەیان جار و لەلایەن چەندین دەسەڵاتی خوێن ڕێژ و درندەوە هەڕەشە لە مان و بوونیان کراوە و هەوڵدراوە ناسنامەیان بسڕنەوە و ناچاربن ناسنامەیەکی نامۆ پەسند بکەن ئەگینا تووشی شەڕ و کوشتار و ماڵ وێرانی دەبن، لەم دۆخەدا دەرفەتیان پێ نەدراوە بەهۆی جیاوازی ناسنامەوە گفتوگۆیەکی ئازاد لەگەڵ ئەوی بەرانبەردا بکەن. هەمیشە دوو هەڵبژاردەی زۆر تاڵیان خراوەتە پێش: مردن یان گۆڕینی ناسنامە. هەردوو هەڵبژادەکەش بۆ ئەوان وەك یەك وایە، چونکە مانای نەمان و سڕینەوەی ناسنامەی ئاینی تایبەت بەوان دەگەیەنێ.

ئێزیدییەکان وەك نەتەوە بەشێکن لە نەتەوەی کورد و رێبازێکی ئاینی جیاوازیان هەیە، بەڵام هەرگیز خۆیان لە کورد جیانەکردووەتەوە. یەك هەست و یەك زمان و یەك نیشتمان و یەك چارەنووس ئەوانی لەگەڵ کورد کۆکردووەتەوە. ئەوان نەك تەنیا کوردن، بەڵکو زمانی خودا پەرستنیشیان بە کوردییە و ئەوان ئەم زمانە بە پیرۆز دەزانن. لەبەر کوردبوون و ئێزیدی بوون، روو بە رووی چەوسانەوەی بێ وێنە بوونەتەوە. لە رۆمانی (لالەکانی لالش)دا، نووسەر لەزاری بەرپرسێکی داعیشەوە کە تورکمانی تەلەعفەرە و پێی خۆشە بە باوکی (ئایەی تورکمانی) ناوی بهێنرێ، ئەوە دەردەخات کە ئەم کارەکتەرە کۆنە بەعسییە و پاشان بووەتە ئەندامی قاعیدە و دواتر چووەتە ریزەکانی داعیشەوە و پڕ بەدڵ رقی لە کورد و ئێزیدییەکانە. ئەم کارەکتەرە دەڵێ: ((بەبێنی خۆمان بێت، هەر لە منداڵییەوە رقم لە کورد بە گشتی و ئێزیدی بە تایبەتی دەبێتەوە، ئەوانە کۆمەڵێکی لادەر، خۆفرۆش، یاخی و گومڕان. نازانم ئەوە چ ئاینێکی دۆزەخییە؛ کە ئەهریمەن دەپەرستێ و دژایەتی خودا دەکات، تەنانەت پەیامبەر و کتێبیشیان نییە؟))(خۆشناو: 2019، ل70). ئەم قسانە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە داعیش و بەرپرسەکانی نەك بروایان بە ناسنامەی ئاینی و نەتەوەیی جیاواز نییە، بەڵکو بگرە لەسەر بناغەی دژایەتی نەتەوەیی و ئاینی دەیانەوێ کورد و ئێزیدی لەناو بەرن و خاکیان داگیر بکەن و رەوایەتی بە کردەوە بەد و دژە مرۆییەکانیان بدەن و ماڵ و سامانی ئەوان چەپاو بکەن و ژن و کچیان وەك کەنیزەك بۆ خۆیان بەرن.

نووسەری رۆمانی (لالەکانی لالش) لەڕێی ئەو قسانەی ئەبو ئایەی تورکمانییەوە دەیەوێ ئەوە پیشان بدات کە داعیش

چەند دژی کوردە، ئەوەندەش دژی ئاینی ئێزیدییە و بە لەناو بردنی ئەو ئاینەش، دەیانەوێ کۆڵەگەیەکی پتەوی نەتەوەیی و ناسنامەی بوونی ئەوان بسڕنەوە، چونکە ((ئاین یەکێکە لە گرنگترین ئەو توخمانەی تاکەکانی کۆمەڵگە یەك دەخات، و بەها و چەمك و جۆری بیرکردنەوە و داب و نەریتیان دیاری دەکات. دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و نەتەوە نییە بڕوایەکی ئاینی نەبێ. ئاین وەك هەستێکی ویژدانی، یەکێکە لە گرنگترین ئەو کۆڵەگانەی ناسنامەی لەسەر دادەمەزرێ، هەروەها بنەمایەکی گرنگ و سەرەکی بنیاتی کۆمەڵایەتییە، هەر ئەویش جیاوازی نێوان ناسنامەکان دیاری دەکات))(وفاء ،فریال:2020-2021، ص41).

لەبەرئەوەی داعیش، ئێزیدییەکانی وەك دوژمن تەماشا دەکرد و لە هەمان کات دا وەك بەشێك لە کورد، هەروەها لەبەرئەوەی داعیش ڕقێکی ئەستووری لە کورد و خەڵکی هەرێمی کوردستان بوو، بۆیە بڕیاری دا هێرش بکاتە سەر شارەکانی کوردستان و بە باسکردنی ئەم بابەتەش نووسەر دەیەوێ ئەوە بخاتە ڕوو کە ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی ئەوە دەخوازێ پیلانەکانی داعیش دژی ناسنامەی نەتەوەیی کورد ئاشکرا و ڕیسوا بکات. ڕۆماننووس لەزاری سەرکردەیەکی کۆنە بەعسیی داعیشەوە کە ناوی (ئەبوحەمزەی خاتوونی)یە ئەو پیلانە باس دەکات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە داعیش چەند دوژمنی کورد و ناسنامەی نیشتمانی و نەتەوەیی خەڵکی ئەم وڵاتەیە. ئەبو حەمزە دەڵێ: ((لەوانەیە لە ڕۆڵم لەم ڕۆمانە بپرسن. من یەکێکم لەوانەی پێشنیازی هێرشکردنە سەر باکوری عێراقم دایە دەست سەرکردایەتی موجاهیدان. نا !!... خۆی شیمالول عێراقە؛ کوردستان وشەیەکە خۆفرۆش و نەوەکانی خیانەت بەکاری دەهێنن)) (خۆشناو: 2019، ل135). بە ئاشکرا کردنی ئەو پێلانە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە نووسەری ئەم ڕۆمانە لە سۆنگەی هەستێکی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە باسی ئەو هەڕەشەیە دەکات، کە ئەگەر هات و سەرکەوتبایە، ئەوا تا ماوەیەکی زۆر ناسنامەی نەتەوەیی هەموو خەڵکی باشووری کوردستان دەکەوتە بەر هەڕەشەی ئەودڕندانەی بەناوی دەوڵەتی خوداوە لەسەر زەوی دەیانویست کورد و خەڵکی کوردستان تووشی قەیرانێکی سەختی دەروونی و سیاسی بکەن. ئەمەش ئەرکی ڕۆماننووسە، چونکە ((نووسەری ڕۆمان دەیەوێ لەڕێی ئەزموونێکی هونەرییەوە گوزارشت لە خەمەکانی نیشتمان بە گشتی و ئازار و چەرمەسەرییەکانی مرۆڤ بەتایبەتی و ئەو قەیرانانە بکات کە دەبێتە هۆی لە دەستدانی ئارامی دەروونی و نا جێگیری باری سۆزداری و عەقڵی ئەوان))(عبدالغني: 2022، ص179).

ڕووداوی کوشتنی بە کۆمەڵی پیاوان و کوڕانی ئێزیدی، تەنیا بە مەبەستی ئەوە ئەنجامدراوە کە ئەوان لەناو بەرن و کچ و ژنەکانیان بۆ مەرامی سێکسی- و کڕین و فرۆشتن بەکاربهێنن، ئەم کردارەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەوان هەست بە تێکشکان و نامۆیی و بێکەسی و بێ پشتیوانی بکەن. ناموس لای مرۆڤ بە گشتی و لای مرۆڤی ئێزیدی بەتایبەتی گەلێ بەهادارە و بە ئاسانی دەستی لێ هەڵناگیرێ و ئەوان مردنیان بەلاوە باشترە لەوەی نامووسی ژن و کچەکانیان دەستی بۆ ببرێ. ئێزیدی بەوە ناسراون کە مرۆڤ دۆست و هاوسێ دۆست و ئاشتی خوازن، بەڵام نزیکترین هاوسێکانیان غەدر و ناپاکییان لەگەڵدا کردوون و یارمەتی داعیشیان داوە بۆ ئەوەی دەست بەسەر ماڵ و نامووسیان دا بگرن. نووسەر لە زاری مامۆستا بڵندەوە چەند دیمەنێکی کوشتن و خۆکوشتن و دەستگیرکردنی ژنان و کچانی ئێزیدیمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ((ئەوەتا لە پشت پەردەی ژوورێکی بچووکی نهۆمی دووەمەوە؛ لە دیمەنی دەرەوە دەڕوانم. شەقام تژییە لە لاشە، ئەو دڕندانە بە هەڕەمەکی تەقە لە خەڵك دەکەن (...)

_ ئەوە چییە ؟

چاوەکانم بە فراوانی دونیا کردتەوە؛ کاتێ ئەبو ئەحمەدی هاوسێم بینی؛ چۆن هێزەکە بەرەو ماڵی کاك خەڵەفی ئێزدی، دراوسێی بیست ساڵەمان دەبات !

_ تفوووو! هەی خۆفرۆشی ناپاك، تۆ دەیان ساڵە نمەکیان دەکەی هەی نمەك حەرام.

دەیان چەکدار هێرشیان بردە نێو ماڵەکە؛ دەنگی ڕێژنەی گولە هات؛ دواتر لەگەڵ دەرچوونیان؛ دەستی هەریەکە لە عەیشان، ئەسمەهان و نارینیان گرتبوو؛ بە لێدان و ڕاکێشان سواری ئۆتۆمۆبیلەکانیان کردن.

ئەی هاوار خوایە، ئاخر هیچم پێناکرێت... ئەوە چییە ؟ باوەڕیکەن پر بەخۆم هاوارم کرد:

_ نەکەی... نەکەی !

کاتێ پورە ڕەیحانم بینی؛ لەسەربانی خانووەکەیان خۆی هەڵدەداتە خوارەوە. دەنگی بەرکەوتنی بە کاشی حەوشەکە، گرمەی هات و مێشکی ڕژا)) (خۆشناو: 2019، ل150-151).

بەباسی ئەم ڕووداوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە لە کاتی نەمانی عەقڵ و لۆجیك دا، لە کاتێك دا سۆزێکی ئاینی بێ بنەما مێشکی مرۆڤ داگیر دەکات ئەوکاتە ئەوەی ویژدانە ڕۆڵی نامێنێ، ئەوەی بەهایە لەناو دەبرێ و ئەوەی مرۆڤایەتییە وەك گەڵای دار هەڵدەوەرێ، یاسای دارستان جێی یاساکانی عەقڵ دەگرێتەوە و مرۆڤ دەبێتە دڕندەیەکی کوشندە. لەم دۆخەدا ((هیچ پێوەرێك نامێنێ بۆ ڕێکخستنی بەهاکانی کۆمەڵگە، تاك لە هەموو شتێکی دەور و بەری دا هەست بە نەمانی لۆجیك دەکات، هەروەها هەست دەکات هەموو شتێك کە جێی تێڕامان بێ کۆنترۆڵی نەماوە، و ئەوەی لەبەرچاوی ڕوودەدات بریتییە لە بێهودەیی و فەوزا، هەموو ئەمانەش وای لێ دەکات

تووشی پەرت بوونی دەروونی و کەرت بوونی خود ببێت لە نێوان ئەوەی دەبێ گونجانی پێوەرە ڕەوشتی یان کۆمەڵایەتییەکان ببینێ و ئەوەی بە کردەکی باوە لە بێهودەییەك کە بە هەموو لایەکدا تەشەنەی کردووە))( عبدالغني: 2022، ص191).

هەر لاپەڕەیەکی ڕۆمانی (لالەکانی لالش) هەڵدەیتەوە، دەبینی باسی ڕووداوی کوشتن و سەربڕین و دەست درێژی بۆسەر ناموس و فرۆشتنی منداڵ و ژنان و کچانی ئێزیدی دەکات. ئەمە ڕۆمانی گێڕانەوەی کارەساتی شەنگالە، داستانی ڕۆژانی ڕەشی پڕ مەینەتی و ئازار و گریانی خەڵکانێکە لە سەردەمی ئێستا و بەبەرچاوی جیهانەوە ئەنجامدراوە، دۆزەخێك بوو بۆ ئەم کۆمەڵە کوردە لە لایەن داعیشەوە ئاگرەکەی خۆشکرا بۆئەوەی ئەو پەڕی بێ ڕێزی دەرهەق خەڵکی ئەم دەڤەرە بکرێ. جار جارەش ڕەوتی گێڕانەوە بەرەو ڕابردوو گەڕاوەتەوە بۆ پیشاندانی ئەوەی کە چۆن لەو سەردەمانەش دا هەمان ناوچە تووشی کارەساتی گەورە بووە. وەك گەڕانەوە بۆ سەردەمی هێرشی پاشای گەورە و سووپای عوسمانلی و سووپای سەردەمی مەلیك غازی و... هتد کە پێشتر ئاماژەمان بە هەندێکیان کردووە. لە دوا نموونە بۆ تێکشکانی کەسایەتی خود و ئیهانەکردنی ناسنامەی مرۆڤی ئێزیدی دا، پێمان باشە ئاماژە بە لایەنێکی ژیانی (نادیە موراد) بکەین، کە نووسەر لە زاری ئەووە کردەوەی زۆر نامرۆڤانە و بێ ڕەوشتییانەی داعیش ڕیسوا دەکات. نادیە سەرەتا باسی ئەوە دەکات بەرپرسێکی داعیش بەناوی (حەجی سەلمان) ئەوی بە پارە کڕیوە و ناچاری کردووە مکیاج بکات بکات و جلێکی تەنك بپۆشێ بۆئەوەی سێکسی لەگەڵ بکات. هەرچەند ئەو کچە لێی پاڕاوەتەوە لاقەی نەکات و پێی گوتووە سووڕی مانگانەی هەیە، بەڵام ئەو درندەیە گوێی بە پاڕانەوە و گریانی ئەم نەداوە و زۆر نامەردانە لاقەی کردووە. نادیە بەخۆی ئەو ڕووداوە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ((زۆر پاڕامەوە و دەستیم ماچکرد؛ کەچی سوودی نەبوو. بە ناچاری جلەکانم لەبەرکرد؛ کەمێك سپیاو و سوراوم بە شێوەیەکی ناشیرین لێدا، بە هیوای دامرکاندنەوەی شەهوەتی. ئاخر من عادەم و نەوەك مرۆڤ، تەنانەت ئاژەڵیش لەو کاتەدا نزیکی مێینە نابێتەوە، کەچی وەك درندە پەلاماری دام و لاقەی کردم(...) باوەڕناکەم ئەوانە مرۆڤی ئایندار و خواپەرست بن. نەخێر ئەمانە هەوەسبازن و شەهوەت پەرستن. چون بەم شەوە دەیان جار خۆم پەنای خودادا؛ بەدەم دەست و پێ ماچکردن ناویم هێنا، بەشەرمەوە ناویم هێنا، چونکە بێ نوێژبووم، کەچی ئەو گوێی پێنەدا و(...) لاقەی کردم ! )) (خۆشناو: 2019، ل260-261).. ئەم کردارەی حەجی سەلمانی داعیشی، گوزارشت لە دوو مانا و دوو ناسنامەی نەتەوەیی و ئاینی و ڕەوشتی جودا دەکات. دەست بردن بۆ ناموسی کچە کوردێکی ئێزیدی، واتە تەعدا کردن لە کەرامەتی نەتەوەیەك، واتا ئیهانەکردنی ناسنامەی خەڵکێك کە بروایەکی ئاینی تایبەتیان هەیە، بۆ ئەوەی چیتر شانازی بەو ناسنامەوە نەکەن و هەمیشە هەست بە سەرشۆڕی بکەن. لەلایەکی دیکەوە گوزارشت لە ناسنامەی گروپێکی دڕندەی بێ ڕەوشت دەکات کە دەیەوێ بەناوی خوداو ئاینەوە، بێ گوێدانە هیچ بەهایەکی ڕەوشتی و مرۆڤانە، دەسەڵاتی ئاژەڵانەی خۆی بەکار بهێنێ بۆ سڕینەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەوانی دی کە لە بروا و کردار و بیرکرنەوەدا لەگەڵ ئەوان یەك ناگرێتەوە. ئەگەر وەك پێشتر باسمانکردووە: ناسنامە واتە من، منێکی ئازاد، خاوەن جەستە و هزر و ویستێکی سەربەخۆ، ئەوا لێرەدا بە نموونەی نادیە و سەدان کچ و ژنی ئێزیدی، داعیش و ستەمکارانی پێش داعیش، هەوڵیانداوە خودی ئێزیدی بێ بەش بکەن لەو خەسڵەتانەی تایبەتمەندیی ناسنامەی ئەسڵ و بنەچە و بوونیان وەك کەسانێکی جیاواز و ئازاد دەسەلمێنێ. لێرەدا حەجی سەلمان دەیەوێ لەڕێی داگیرکردنی جەستەی نادیەوە، عەقڵ و ئاین و نیشتمان و هزری ئەوان داگیربکات و ناسنامەیان وەك مرۆڤ هەڵوەشێنێتەوە.

## ئەنجام

1_ ڕاستە کارەکتەر توخمێکی سەرەکی تۆڕێ گێڕانەوەی ڕۆمانە، بەڵام ڕووداو ڕۆڵی هەیە لە گۆڕینی هەڵوێست و هزر و تێڕوانین و چارەنووسی ئەوان دا.

2_ ڕووداو لەم ڕۆمانەدا بووەتە هۆی ئەوەی کارەکتەرەکان پەرت ببن و بەسەر چەندین شوێنی جیاوازدا دابەش ببن و بەهۆی ئەمەوە هەستی نامۆبوون و ترسی لەناوچوون، ئارامی لە دەست داون و لە ڕووی دەروونیی و کۆمەڵایەتییەوە گرفتاری دەیان شکست بوونە و متمانەیان بە خود و دەور و نەماوە و کەوتوونەتە بازنەی گومانێکی فراوانەوە.

3_ ئەم ڕۆمانە ئەزموونێکی نوێی گێڕانەوە پیشان دەدات کە تەواو پێچەوانەی شێوازی گێڕانەوەی باوە. یەکێتی ڕووداو گێڕانەوەی زنجیرەیی و یەك کارەکتەری سەرەکی لەم ڕۆمانەدا بەرچاو ناکەون.

4_ لەژێر کاریگەری ڕووداوەکان دا، پەیوەندی نێوان کارەکتەر و شوێن و کات گۆڕانی بەسەردا هاتووە و کارەکتەر لە نێوان کۆمەڵێ شوێن و کاتی جیاوازدا جووڵە دەکات بێ ئەوەی ئەم جووڵەیە بتوانێ داوی ڕووداوەکان پێکەوە گرێ بدا و لە تەونێکی یەکگرتوودا خۆی بنوێنێ.

5_ لەژێر کاریگەری ڕووداوەکان دا، ناسنامەی زمانی و نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاینی ئێزیدییەکان کەوتووەتە بەر هەڕەشەی لەناوچوون و هەندێکیان بۆ پاراستنی ئەو ناسنامەیە بوونەتە قوربانی و بە کۆمەڵ کوژراون.

6_ لەبەر ئەوەی داعیش بڕوای بە ناسنامەی جیاوازی ئێزیدییەکان نەبووە، بۆیە دوو بژاردەی لە پێش داناون: مردن یان وازهینان لە ناسنامەی ئاینی خۆیان. بەهۆی ئەمەشەوە کارەساتی گەورەیان لەناوچەی شەنگال دروست کردووە وەك کۆمەڵکوژی، ڕفاندنی کچان و ژنانی ئێزیدی و بە کەنیزەك کردن و فرۆشتنیان وەك کۆیلە لە شاری موسڵ و شاری ڕەقەی سووری کە پایتەختی خیلافەیانب بوو  لە وڵاتی شام.

## لیستی سەرچاوەکان :


١. خۆشناو، کامەران: ٢٠١٩، لالەکانی لالش، ڕۆمان، چابخانەی ڕۆژهەڵات، چ١، هەولێر .ب. پەرتووک بە زمانی عەرەبی:

٢. العجمي، مرسل فالح: ٢٠١٤، الواقع والتخييل، أبحاث في السرد تنظيرا و تطبيقا، سلسلة كتب نوافذ المعرفة، العدد السادس، منشورات عالم المعرفة، العدد(٤١٨)، المجلس الوطني للثقافة و الفنون و والآداب، الكويت.

٣ـ الماضي، شكري عزيز: ٢٠٠٨، أنماط الرواية العربية الجديدة، المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الآداب، الكويت.

٤ـ بدري، أحمد الناوي: ٢٠١٦، سرديات الراوي والروائي، دار الحوار للنشر. و التوزيع، ط١، لاذقية. سوررية.

٥ـ تودورف، تزفيتان: ٢٠١١، شعرية النثر، ترجمة: عدنان محمود محمد، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق.

٦ ـ جيمس، هينري وآخرون: ١٩٧١، نظرية الرواية في الأدب الإنجليزي الحديث، ترجمة: د. أنجيل بطرس سمعان، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر.

٧ـ بارت، رولان: ١٩٩٢، التحليل البنيوي للسرد، ترجمة: حسن بحراوي وآخرون، منشورات إتحاد كتاب العرب، ط١، الرباط.

٨. فاير، ديان داوت: ١٩٨٨، فن كتابة الرواية، ترجمة: د. عبدالستار جواد، دار الشوؤن الثقافية العامة، بغداد.

٩. وهبة، مراد: ٢٠٠٧، المعجم الفلسفي، دار قباء الحديثة، القاهرة.

١٠ ـ بوصبيع، لبنى و طريّق، صبيحة: ٢٠٢٠ـ٢٠٢١، البناء الدرامي في رواية الرماد الذي غسل الماء لعزالدين جلاوجي، قسم اللغة و الأدب العربي، كلية الآداب واللغات، جامعة محمد الصديق بن يحيى، جيجل، الجزائر.

١١ ـ حمود، نسيمة و عبدالمولى، آمنة: ٢٠١٧ـ٢٠١٨، تشظي الهوية في رواية ساق البامبو لسعود السنعوسي أنموذجا، قسم اللغة والأدب العربي، كلية الآداب واللغات، جامعة محمد الصديق بن يحيى، جيجل، الجزائر.

١٢. دهية، شعبان: ٢٠٢٠.٢٠٢١، خطاب الهامش وترميم الذات الأنثوية في رواية قصر. الصنوبر لإلهام بورابة، قسم اللغة العربية وآدابها، جامعة مولود معمري، تيزي. وزو، الجزائر.

١٣. وفاء، بوزغاية و فريال، حملة: ٢٠٢٠.٢٠٢١، تشظي الذات والبحث عن الهوية في رواية حطب سراييفو لسعيد خطيبي، قسم اللغة العربية، كلية الآداب واللغات، جامعة محمد خيضر، بسكرة، الجزائر.

١٤. العدواني، أحمد بن سعيد : ٢٠١٦، انشطار الذات وتشظي السرد، قراءة في رواية والبحر ليس بملآن، مجلة سياقات اللغة والدراسات البينية، العدد(٤)، ديسمبر، جامعة فيوم، مصر.

١٥. عبدالغني، عبداللة محمد كامل :٢٠٢٢، الراوي وانشطار الذات في رواية عتبات البهجة لأبراهيم عبدالمجيد، المجلة العلمية لكلية الآداب، مجلد(١١)، العدد(٢)، جامعة دمياط، مصر.